

# پەردە

**یاسین برایم**
**(ڕواندز)**

ئەوانەی ئەم خانووەیان لەم هەورازە قیت کردبووەوە، لە مێژ بوو گیانی پاکیان بە گۆڕستانە پڕ دار بەڕووەکەی تەنیشت گوند سپاردبوو، بگرە ئێسکوپرووسکیشیان بووبووە خۆڵەمێش.کۆتا خاوەنیش، خۆی و برا بچووکەکەی، ڕەشەبای ئەنفال بردی و کردی بە خۆراکی ئەژدەهای بیابانە پان و وشکەکەی ناوەڕاستی وڵات. ئەمە میراتی ئەو کەلاوەیە بوو کە لە دوای ئەنفال بە هەمان شێوە بە قوڕ و بەرد و دار بەرگێکی نوێیان خستە بەر کەلاوە کۆنەکە و جارێکی تر بووە لانەی نەوەیەکی تازە و هیوای بە بێ هیوایان بەخشی. ژنێکی بێ چارە و کەم دەرامەت و ڕەشپۆش، لە بێ شوێنییان زەنگی ئاوەدانکردنەوەی یەکەم خانووی لە گوندەکە لێ دا و هاتەوە باوەشی هەمان خانوو کە بە بووکێنی میوانی بووبوو، چوو بووە باوەشی زاوایەکی شیرین. جارێکی تر، بەرگی غوربەتی داکەند و هاتەوە نێو کەلاوەیەک کە لای ئەو لە کۆشکی شا نایابتر بوو. کەلاوەکە بۆنی هەناسەی ئەشق و هیوا و خەون و یادگارییە زێڕینەکانی لێ دەهات. ئاوێزانی ئەو ژیانە بووەوە کە بناغەی ژیانی لە سەر بنیاد نابوو، ئەگەر چی لە ڕوخسار کەلاوە بوو، بۆ ئەو جارێکی تر ژیانی پێ بەخشی و لە ژیانی کولەمەرگی ئۆردوگا ڕزگاری بوو. سەربەرزانە، هەموو هەوڵ و ماندوبوونی ئەو، پەروەردەیەکی تەندروستی ئەو منداڵانە بوو کە بەرهەمی هاوسەرە شوێنبزرەکەی بوو.

ئای خوایە! ئەو هەموو بارانە چییە دەبارێت، دەڵێی ئاسمان کونی تێ بووە. ئەو بایە بەهێزە، ئەو برووسکە ترسناکانە هەر لە پاش نیوەڕۆوە جەنگی خۆیان ڕاگەیاندبوو. ئەو لە شەوی ڕابوردووەوە کاتێک ئاسمانی پڕ گەواڵە هەوری ڕەشی بینی، ترس و گومان لە دڵی دروست بووبوو، بەڵام چی بکات، چارە هەیە، هەموو شت ئامادەکراوە، خەڵک تێگەیەنراوە، خۆ ناکرێت لەبەر هاتنی هەورەکان بووک بۆ ڕۆژێکی تر دوابخرێت. ئیشی خێرە، دەی چەند زوو

ڕاپەڕیت باشترە.
لەگەڵ دەسپێکی باران، میوانانی ماڵی زاوا کەوتنە پیرۆزباییکردن و ماڵئاوایی. تا دەهات باران خێراتر و خۆشتر، برووسکەی بەهێز زیرەی بە منداڵ دەکرد. (با)ش هەرچی گەڵا و پووشی ئەو شوێنەی هەبوو لەگەڵ ئاوازی خۆی بە سەمای دەهێنا. تا دەهات ئاسمان زیاتر شەڕی بوو، زاوای ماندوو و دڵبەخەم، بووکیش لە سەر کورسییەکی تەختە لە هەیوانەکە لە سەرما و لە شەرما لە سێوێکی سوور دەچوو. دایکی زاواش هەموو قورسایی ئەو ڕۆژەی لە سەر مل بوو، دڵی بە قەد چۆلەکەیەک نەمابوو. نەیدەزانی فریای چی بکەوێت، میوان بەڕێکردن، نوێن و ڕایەخی تەڕبوو، مەنجەڵ و قاپ و کەوشی کەوتوو و لە قوڕ چەقیو، پێش هەیوان لە قوڕاو و ئاوی باران گۆمیلکەی دروست کردبوو.

ئێوارەیەکی ڕەش و وەڕزکەر، کۆتایی بە زەماوەندەکە هێنا. منداڵە بچووکەکان خۆیان خزاندە ئەو خانووە تاریک و بێ سەروبەر و داتەپیوە کە ماڵی هەمیشەییان بوو. بە هۆی نزمی بنمیچەکە و پەنجەرە بچووکەکەی بە نوێژی نێوڕۆ پەنجەت خستبایە چاوی هەر کەسێک نەیدەدیت. ژوورێکی درێژ نزیکەی حەوت مەتر درێژ و سێ مەتر بەرین و دیوارەکان خواروخێچ. پێشتر تەویلەی وڵاخەکان بوو، لای سەرەوەش ناوبڕێکیان لێ بڕیبووەوە کا و گیای وشکیان لێ دادەنا. لە سەر ئەم خانووە دوو سێ ژووری تر هەبووە، جێگا گەورە بووە، بەڵام ئەوان بەو هەژاری و نەبوونییە هەر فریای ئەوە کەوتن ئەو ژێر زەمینە دووروودرێژ و تاریکە ئاوەدان بکەنەوە و تێیدا بژین. تا خوا دەرگایەکی تریان بۆ دەکاتەوە. ژوورێک بۆ دانیشتن و نووستن و نانخواردن و خۆگۆڕین و ئازووقە و میوانداری، ئەم جارەش ژووری حەوانەوەی بووک و زاواش.

تا دەهات دنیا تاریکتر دەبوو، ئاسمان بە هەڕەشەتر و باران خۆشتر. برووسک دنیا دەلەرزێنێ، چرایە نەوتییەکەیان لە خوار ژوورەکە داگیرساند و سۆبەی داران گەرم کرا. بووکیش وەک سەماوەری دیوەخان وا بوو منداڵەکان بە دیارییەوە دانیشتبوون سەیریان دەکرد. کەشوهەوای دەرەوە، تووڕەیی ئاسمان، ترسی خستبووە ژوورەکەش، لە گەڵ هەر گرمە و تریشقەیەک واتدەزانی خانووەکە دەڕووخێ، خوودی ژوورەکە لە ئەشکەوتێکی ڕەش دەچوو و بۆنگرتووی بە دووکەڵ و ئاگر و کەڕووی دیوار، درز و کونی گەورە گەورە مەترسی زیندەوەری ورد و زیانبەخشی لێ دەکرا. هەیوانی خانووەکەش پڕ چیلکە و گیشەداری وشک و تەڕ، لایەکی گرتبوو، تا کاریتەکان خرابوونە سەر یەک. ژوور و هەیوانەکە وەک دووانە وابوون تەسک و قەرەباڵغ و تاریک و ناڕێک.

شەو ڕاشکا، دایکی زاوا جێگای بۆ منداڵەکانی لە خوار سۆبە ڕاخست و بەتانی پێدادان، بە بیانووی سەرمابوون پێی وتن "بەخۆتان دادەن با نەخۆش نەکەون!" بۆ بووک و زاواش لە سەرووی ژوورەکە جێگایەکی گەرم و نەرم و خاوێنی بۆ ئامادەکردن. بۆ یەکەم جار پەرجوویەک لە ژوورەکە ڕووی دا، پەردەیەکی ڕەشی هێنا سەرێکی لەم دیوار و سەرەکەی تری لەو دیوار بەست، ژوورەکەی کردە دوو بەش، پەردەکە بووە هێڵی سوور، سنووری نێوان بووک و زاوا و منداڵەکان. وەک پوولی دۆمینە( ٢بە ٤)ی لێهات. دایکەکە دوا سنووری پەردەکەی بەزاند و پەڕۆیەکی سپی خستە نێو دەستی زاوا و وەک بە چاو پێی بڵێت "بتبینم پیاو بیت!!" هاتەوە دیوەکەی لای خۆی و چراکەی ئەوەندە کز کرد بە ئاستەم ڕووناکی ما، ڕووناکی کونی سۆبەکە زۆر زیاتر بوو لە چراکە، دایکە ماندووەکە لە تەنیشت منداڵەکانی بێ جووڵە و هێمن ڕاکشا، لە بێدەنگیدا زیاتر لە پەیکەر دەچوو!

کات نیوە شەوە، شانۆکە ژێرزەمینێکە لە گۆڕ دەچێ، دوو کارەکتەر بە زمانی جەستە (تابلۆی ژیان) دەنەخشێنن! بینەرەکان بە درێژایی شانۆکە بە دیار نمایشەکەوەن، شت ناخۆن، ناخۆنەوە، جارجار لە سەر پشت، لەسەر سک، لە سەر تەنیشت دەجووڵێنەوە، بە ئاگان، دەترسێن، شەرم دەکەن، دەنگ دەبیستن. کارەکتەرەکان نابینن، جووڵە دەکەن، پەردە ڕەشەکە دەجووڵێ. دایک داهێنەری پەردەیە، چاوی لە پەردەیە، لە پەردەی ڕەش، چاوێکی تری لە پەردەیەکی سپییە وەک ئاوی حەیات سپی بێت! بینەرە بچووکەکان چاو دەنووقێنن، دڵیان بە ئاگایە، ترپەی دڵیان دێ، جارجار دەکۆخن، دەنگ دەبیستن، دەنگی هەمەچەشن، برووسکە، بارانە، ئاه و هەناسەیە، هانکە هانکە، خشپەی مارە، دەنگی گارەگار و قورتە قورتی مریشکەکانی نێو کۆڵیتەکەی دەرەوەیە، دەزانن دەنگە دەنگە و لە هەندێک دەزانن و هەندێکی تر مەتەڵێکی سیحراوییە و نازانن چییە!!

زاوا خـــەریکی چێــژی پەردەیە. بووک خـــەمی لە دەسـتـدانی پەردەیە، ترس و ئازار خـەریکە دەیکوژێت، ئاور بۆ لای تر دەداتەوە، پەردە ڕەشـەکـەی لێ دەبێـتـە کـابووس.لە ترسی پەردە چاو دەنووقـێنێ. برووسک، فلاش دەکات و وێنەیەکی ئیـرۆتیکی دەگـرێت.نایلۆنی پەنجەرەکە دەلەرێتەوە، چاو دەکاتەوە، باوەش دەگرێتەوە، زاوا دەجـوولێـتـەوە، بە یەکـەوە دەنووسـێن، لێک جـیـادەبنەوە، گـەرم دەبن، سـارد دەبنەوە، گـەرم دەبن، خـاودەبنەوە، سـارد دەبنەوە، مـاندوو دەبن، زاوا ئاخ هەڵدەکـێـشێ! پەڕۆ سـپـیـەکـە بە ڕەنگی گـێـلاس دەنەخـشـێنێ، مـاچەکـان بێ دەنگن، سـەمـا لە ترسی بینەرەکانی پشت پەردە هێواش دەبێتەوە. بۆنی تەڕایەتی دڵۆپەی سەر دیوار و بۆنی جەستە و بۆنی بۆگەنی ساردی ماسی لە ژوورەکە دێت!!

شانۆ بەردەوامـە، لە دەرەوە خـوا بارانی خـۆی بەسـەر جەستەی زەویدا دەبارێنێ و فووی لێ دەکات و تێر ئاوی دەکـات. لە ژوورەوە زاوا جـووتیـارێکی ئەڤـینداره و بە گـاسنەکـەی زەوی دەکـێـڵـێت و تۆو دەپرژێنێ و ئاوی دەدات! بووکیش دەردی پەردەی گرتووە و مـاندوو دیارە، خـەریکە لە سـەمـای چێـژ بێـزار دەبێت، خـەوی دێت، چاوەکانی ڕەشکە و پێشکە دەکەن و لە پێش چاوی زاوا لە تارمایی دەچێت و ڕەنگی پەردەی گـرتووە. ژوورەکـە ڕەش ڕەش هەڵگەڕاوە، دواتر هەردووکیـان مەست بوون و لە باوەشی یەک چوونە شەوی پەردەوە.

باران بەردەوامـە، چراکـە لە بێ نەوتیـان کـوژایەوە، دایکە ماندوو و میهرەبانەکەش لە چاوەڕوانی مزگێنی بە زاوابوونی کوڕەکەیەتی. فرمێسکی گەرمی لە چاوەکانی دەهاتە خوار و لە گەڵ دڵۆپە بارانی ژوورەکە پێشبڕکێیان بوو، هەمـان ئەو شـەوەی بەبیر هاتەوە کە لە گـەڵ مێـردە ئەنفالکراوەکەی لەم هەوارگە شیرینە مانگی هەنگوینی بەسـەر برد و هەر لە شـەوی پەردە زگی بەو کـوڕە زاوایە پەیدابوو، کە ئێـسـتـا لە شـەوی پەردەدایە. گـریان زیاتر بەرۆکی گرت، بە بێ دەنگی فرمێـسکی دەباراند و وەک بارانی ئەم شـەوە بۆ بەخـتـە ڕەشـەکەی خـۆی دەگـریا کـە ژیانی ئەوی داپۆشـیـبـوو. بارانیش هەردەباری و شـەوی پەردەی پڕ ترسـتـر کـردبوو، جوانی ئەسـتـێرە و تریفـەی مانگی بە پەردەیەکی ڕەش ون کردبوو!!

**٢٠١٦**